

## ((( ئیلهام سەمفۆنیای یەکەم )))

ئیلهام ناوی شیعرێکە ..
شیعرێک ناوی ئیلهامە.

ئیلهام وەک هەناسەکانی پایز وابوو
جەنگەڵ جەنگەڵ سەوزاییەکانی زەرد دەکردوو
باوەش باوەش گەڵاکانمی هەڵئەوەران،
لەتووڕەیی زریان ئەچوو
شووشە.. شووشەکانمی ئەشکاندو
بۆژیان هیچی بۆم نەئەهێشتەوە،
ئیلهام لە تۆفانی زستان ئەچوو..سپی..سپی کردم !
ئەوهەمیشە هەر وا بوو..
من هەمیشە هەر وا بووم..
من هەناسەکانی پایزو من توڕەیەکانی زریان و
من تۆفانەکانی زستانم خۆش ئەویست،
ئیلهام دەست و پەنجەکانی ئازار بوو
من دەست و پەنجەکانی ئازارم
لەنێو هەردوو دەستەکانما ئەگوشین و ماچم ئەکرد.
ئیلهام.. هەمیشە قوربانی بوو..
خودا وەحی بە پیاوە پێغەمبەرە چەقۆکێشەکانی ئەدا لە خاچی دەن،
من چەقۆو جەلادەکانیم خۆش ئەویست
تا بە بەخشینی گەردنی خۆم بی بەخشن !
من ئەم گوت نا..
تا چەقۆوفتوا شەیتانیەکانی خوداو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەقۆی دەستی پێغەمبەرە گەوجەملکەچەکان
قوربانینیکان سەر نەبڕن !
من لەحزوری خودا دا ئەوەستام و
بانگم لە باوکە ئیبراهیمەکان ئەکرد :
ئێوە مەگەر چ مرۆڤێکن ئلهامە کچەکانتان سەر ئەبڕن ؟
ئێوە مەگەر چ مەستێکن بە مەستیەکانی خوداوە تێئەگلێن ؟!
ئاە..
ئێمەلەمێژە ئاواهین کەس نازانێ کەس..
کەس پەی بەو ئەزەلە نابات ئێمە یەکمان تێدا ناسی،
کەس نهێنی وێرانەکانمان نازانێ بە جێمان هێشت،
ئێمە..پەیمانێکی نهێنی قەدەرمانی بە یەکەوە گرێدابوو
وەک پەیوەندی نێوان هەردوانەیەک لەیەکدابوین
خودایە..ئەوەچ حکمەتێکی تاڵ بوو !
ئەو هەروا بوو، ئەو لەئەزەلەوە هەروابوو..
من هەروابووم،من لەئەزەلەوە هەروابووم..
ئیلهام دەڕۆیشتو هەمووشتێکی وێران ئەکرد
ئەهاتەوەو لەسەر خۆڵی ڕەشی وێرانەیەک دائەنیشتو
بەخەمێکی گەورەوە.. خەمێک کەپشتی مرۆڤی ئەشکاند،
باسی لە چارەنوسی خۆی ئەکردو پێی ئەوتم:
باخۆشەویستیت بەردەوام بێ
با دڵت گەورەترین دڵی مرۆڤێ بێ
بکرێت بەشی ژانەکانی ژنێک بکا..
ژنێ کەس نای ناسێ تۆ ئەی ناسی
ژنێ دوای هەر سەفەرو فڕین و هەرەسێک
ئێوارانێک کاتێ فڕین باڵەکانی تەزاندووە
دێت و لەخۆرنەوەزانی دڵی تۆ مەنزڵ ئەگرێ.
ئێوارانێ لە پیاسەو گەڕانێکی بێئۆقرەدابووم
پیاسەی دوای ئەو کارەساتە گەورانەی مرۆڤ وێران ئەکا،
بێئۆقرەیی دوای ئەو فیراقانەی هیچ شک نابەین
گەڕانی دوای ئەو شکستانەی بۆژیان هیچمانایەکی تیا نی،
غەمگین غەمگین ئەڕۆشتم و چاوم بڕیبووە ڕەنگەکانی مەغریب
وەک شیعرێکی تاڵ ئاوا بوون،
ئیلهام بەسەر باڵی هەورێکی پەرێشاندا هاتا خوارێ و
بە نرکە یەکی پڕ ژانەوە پێێ ووتم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به هەموو زام و کۆستو کارەساتەکانمەوە هاتووم
تا هاورێیەتیم قەبوڵ بکەیت !
وەک بە دۆزەخدا هاتبێت لە پەیکەری ئاگر ئەچوو
ئێوارانێک من پەیکەرێکی ئاگرم لە باوەش گرت،
ئێوارانێک دەستی ئاگرم ئەگوشی و ماچی ئاگرم ئەکردو
دڵنەوای دڵی ساردی ئاگرم ئەدایەوە !
ئێوارەنێکدئەبوایە دڵی ساردی بڵێسەی ئاگرێ داپۆشمو سەرمای نەبێ..
پارچە پارچە جەستەی خۆمم پیدا ئەدا،
ئاگرێک بوو لە بەستەڵۆکی باکوری ژیانەوە ئەهاتوو پێی ئەوتم
خۆشمتبوێ با خۆشتبوێم..خۆشم ئەوێی با خۆشت بوێم !
مەغریبانێ ئیتر هیچ شتێ وەک خۆی نە ئەچوو..
تەنانەت خۆشەویستی ئەی توانی دلۆپێک ئاو
بەباڵای ئەوئاگرەدا بکاو هیچ..
یان پریشکی ئاگرێ بێ کاتێ دەست و پەنجەی زوقوم بەندێک گەرم داناکا
خۆشەویستی ئەبوا مانای گەورەی بایەو
هاورێیەتیش حەقیقەتی سووتان،
مەغریبانێ من بەو یەقینە گەیشتم و
ئاگرم لە باڵای خۆم بەردا.
ئیلهام دوا جار هەر ئەڕۆیشت..
ئەیوت هەموو خاکو خۆڵی سووتاوی جەستەمان با بۆ تۆ بێ
من ئەڕۆم و خۆشەویستیش وەک هەر شتێ کۆتاییەکی هەیە،
ئەیووت تۆ لە پیرە مرۆڤێکی سووتاو ئەچیت
چیتر بەشی هاورێیەتیمەن ناکەی!
ئێوارانێک باڕەش لەودیو پەنجەرەی ماڵەکەمانەوە
وەک شمشاڵێکی پڕ ئازار ئەیلووراند و
وێنەی کارەساتێکی تاڵی بە گوێی کۆڵانەکاندا ئەدا،
کۆڵان کۆڵان بۆنی پرسەی لێئەهات و
مەغریب مەغریب قرتێلەی ڕەشی لەپرچی هەورەکانی ئەدا،
هەروەکوو چۆن مەغریبانێک من باوەشم بە باڵای ئاگرێکدا کردوو سووتام
ئەوئێوارەیەش گریام..هێندە گریام .. تا ئاستانەی کوێر بوون !
من نەم ئەتوانی بڕوا بکەم.. نا..
من کە مێژووی خۆمم بە ئاگرەوە لە باوەش گرتبوو خۆشمئەویست،
نەم ئەتوانی بڕوا بەو قەدەرە بکەم مێژووم بڕوا.
دوا جار مێژووم هەر ئەڕۆیی و دوا جار مێژووم ڕۆیشت،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەک جەنگەڵێکی شێواو..
کزەی پایز دوا زەردە گەڵاکانمی بەرەو عەدەم ڕائەماڵی و
وێڵوو ڕووت بووم !
لە تورەیی زریان ئە چوو مێژووم
باوەش باوەش گەڵاکانمی هەڵئەوەران
جەنگەڵ جەنگەڵ سەوزاییەکانمی زەرد ئەکردو
وەک هەناسەکانی پایز وابوو..ئیلهام.

کاظم قادر
2004/10/10
سویسرا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com